## له شەنگالەوە بۆ لاهای: کەیسێک بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

### نووسینی کەڤین بەگیخانی

خەڵکانێکی نیشتەجێی خاکە بەپیتەکەی مێزۆپۆتامیا بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ، جارێکی دیکە قوربانی دەستی جینۆسایدن. ئەو لادێیانەی بە ئاگرە پیرۆزەکان لەلایەن ئێزیدییەکانەوە بۆ پەرستنی خودا ڕووناک کرابوونەوە، بوونەتە تاریکترین شوێنی سەر زەوی کاتێک داعش دەڤەری شنگالی لە باکوری عێراق [هەرێمی کوردستان] لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا داگیر کرد.

ئەم داگیرکارییە دەستپێکی جینۆسایدێک بوو کە بووە هۆی کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی زیاد لە ٢١٠٠ کەس و ئاوارەبوونی نزیکەی ٣٦٠٠٠٠ ئێزیدی، کە هەندێکیشیان بەرەو چیای شەنگال ڕایان کرد. دوای چەندین ڕۆژ لە مانەوەیان، هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری فڕۆکە ئەمریکییەکان توانیان زۆبەیان ڕزگار بکەن. سەرەڕای ئەمەش، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق دەڵێن زیاتر لە ٦٠٠٠ ژن و کچ ڕفێنراون و بەزۆر کراون بە کۆیلەی سێکسی، لەناویاندا کچی ٨ ساڵانی تێدا بووە.

کۆمەڵکوژییەکەی شەنگال حەفتاوسێیەمین جینۆسایدە دژی ئێزیدییەکان ئەنجام درابێ. بە کۆمەڵ کوشتنی ئێزیدییەکان، دەرخەری قاڵبێکە کە تێیدا کەمترین مەودا هەیە بۆ [گەشەکردن] و درەوشانەوەی کولتور و ئاینی پێکهاتە و کەمینەکان. ئەمە بە تایبەت بۆ ئەو وڵاتانە ڕاستە کە بەبێ ڕەچاوکردنی [ئارەزوو و ئاواتی دانیشتوان] و نەتەوە دروست کراون، وەکو عێراق و سوریا، کە بۆ ماوەی چەندەها دەیە لە لایەن حزبی بەعسی سیخناخ بە نەتەوەپەرستی عەرەبی بەڕێوەدەبران. ئەم ئایدۆلۆژیایە تەنها پێکهاتە و کەمینەکانی وەک ئاشورییەکان، تورکمانەکان، کوردەکان و ئێزیدییەکانی ژێردەستە نەکردووە، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی کاڵکردنەوەیان – بگرە لەناوبردنیان- لە ناوچەکەدا هەبووە. چونکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دەکرێت هێڵێکی هاوتەریبی پەرۆشی لەنێوان جینۆسایدی ئێزیدییان و ئەنفالەکەی ڕژێمی بەعسی سەدام حسێن دژی هاوڵاتییانی کورد لە ساڵانی هەشتاکان بکێشین. ئەنفال ١٨٢٠٠٠ قوربانی لێکەوتەوە، گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش تا ئێستاش لە بیابانەکانی خوارووی عێراق دەدۆزرێنەوە، هەروەکو ئەو گۆڕانەی کۆمەڵکوژییەکەی شەنگال. ئەنفال واتا "وێرانکردن و بەتاڵانبردنی ماڵ و خەڵک لە غەزوەکاندا"، هەر وەکو جینۆسایدی ئێزیدییان ئەویش تەنها لە رق و کینەی ئەنقەستی نەژادییەوە سەرچاوەی گرتبوو، مەبەستیی سەرەکیش لێی بریتی بوو لە [لەناوبردنی سیستەماتیکی نەتەوەی کورد بوو

به بیانوی] "پاککردنەوەی ئوممەی عەرەبی". دوای 'ئازادکردن' یان 'داگیرکردنی' عێراق – بە گوێرەی ئەو کەسەی پرسیاری لێدەکەیت- لە لایەن ئەمریکاوە، نزیکەی ٤٠٠٠٠ کۆنە بەعسی لە ڕێگەی سیاسەتی بەنابەعسییکردنەوە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی لێ قەدەغە کرا. چاوەڕوانی ئەوە دەکرا هەندێکیان بەناپاسایی درێژە بە هزری بەعسیەتیان بدەن، سەرەنجام، چەندین گروپی یاخی توندوتیژ هاتنە کایەوە. لەبەرئەوە گرنگە بزانین جگە لەوەی داعش ڕێکخراوێکی توندڕەوی تیرۆرستییە، لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی یاخیبوونی ڕەوتی سونیی عێراقیە. بەشێکی ئەم یاخیبوونەش دەرهاویشتەی سیاسەتی مەزهەبیی حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراقە کە هێندەی دیکە خەڵکی عێراقی بەرەو تاکڕەوی بردووە.

کاتێک سەدام حسێن بۆ ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی دابوون لە سێدارەدرا، بیرمە نەنکم دەیگوت، "ئەمە دادپەروەری نیە." هەرچەندە ئەو دوو کوڕی بەهۆی سەدامەوە لەدەست دابوو، ناچاریش کرابوو ١٠٠ دیناری ئەوکاتیش بدات بۆ بژاردنی ئەو گوللانەی کورەکانی پێکوژرابوو، هێشتا دژی ئەو سزادانە دڵڕەقانەی سەدام بوو. من شەیدای ئەو پەیامی ئاشتەوایی و مرۆڤدۆستییەی نەنکمم، سەرباری ئەو تاڵییانەی چەشتوویەتی. ئەمانە شوێنەواری ئازاری خانەوادە [کوردەکانی] ئەو ناوچەیەک کە بە 'کەمینەکان' لە قەڵەم دەدرێن. لەگەڵ ئەوەشدا تۆوی ئاشتەوایی و هیوای داهاتوویەکی گەش بە فرمێسکی ئازارەکانیان ئاو دەدەن.

بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان لە ئایدۆلۆجیا فاشستەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتێک یان هەر لایەنێکی تر، ئێستا لە هەموو کاتێک گرنگترە کە پارێزبەندییەکی گشتگیر و میکانیزمی بەهێزکردن بۆ پێکهاتە و کەمینەکان بسازێنرێت. دەکرێت لەم پرۆسەیەدا دادگا نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیی بگێڕن، ئەمەش لە ڕێگای بە سەروەریکردنی یاسا بۆ ئەوەی لە ژینگەیەکی پارێزراودا گەشە بکات. هەرچەندە پاساوی یاسایی هەیە بۆ سزادانی جیهادییەکانی داعش، بەڵام پێدەچێت ڕێگەچارەکان کورت بهێنن چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەڕووی سیاسییەوە گەیشتۆتە بنبەست. لە ڕاپۆرتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان پشتڕاستی کردۆتەوە کە جینۆساید ڕوویداوە و بەردەوامیشە لە ڕوودان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، پێویستە دادگاییەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی بەرامبەر ئێزیدییەکان و خەڵکەکانی تری ناوچەکە ئەنجامدراوە بکات. شاری جیهانیی ئاشتی و دادپەروەری- لاهای- خانەخوێی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە و [پێویستە ئاسانکاری بکات].

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ئەم بنبەستە بشکێنێت، ئەویش بە ناردنی ئەم کەیسە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لاهای، هەرچەندە ڕوسیا و چین پێشتر

ڤیتۆیان لە دژی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاماژەپێدانی ئاڵۆزییەکانی سوریا بەکارهێنابوو. سەرەرای ئەم هەمووە لەمپەرانە، نادیا موراد یەکێکە لەوانەی لەناوەوە فشار دەخاتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان، نادیا کراوە بە باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شکۆی ڕزگاربووانی دەستی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. نادیا-ی ١٩ ساڵ بە بەرچاوی خۆیەوە شەش برا و دایکی - کە لەبەر تەمەنی زۆری نەکراوە بە کۆیلەی سێکسی- کوژراون، لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەشکەنجە دراوە. سەرەڕای مەینەتییەکانی توانی خۆی لە چنگیان رزگار بکات و ڕابکات. لە ئێستادا پارێزەری نادیا، ئەمەل کلوونی، هەوڵ دەدات کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بهێنرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لاهای.

بوونی داعش نیشانەیەکی کوشندەی نەخۆشییەکە، نەخۆشی دەیەها ساڵ لە دەسەڵات مانەوە و بەڕێوەبردنێکی فاشستیانە لە ناوچەکەدا، بەبێ ئەوەی یاسایەک هەبێت پارێزگاری لە کەمینەکان بکات و دادپەروەریان بۆ بێنێتەدی. لەبەر ئەم هۆکارە، تەواو گرنگە دادگای لاهای لێکۆڵینەوەیەکی تاکلایەنە -بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ لایەنێکی دیکە- دەستپێبکات سەبارەت بەو تاوانانەی دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدراون. ئەمە جگە لەوەی خزمەت بە لایەنی پێشپێگرتنی تاوان دەکات لە دادگاکە، دەبێتە هۆی ڕێگریکردنیش لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی لەم شێوەیە. لەهەمان کاتیشدا پێگەی دادگای لاهای وەکو دامەزراوەیەکی دادوەریی بەهێزتر دەکات کە دەتوانێت دادگایی پێشێلکارییە دڕندانەکانی مافی مرۆڤ بکات.

ڕەنگە دەیەها ساڵی پێ بچێت تا بکەرانی ئەو تاوانە قێزەونانە بخرێنە بەردەم دادگا، لەوانەشە زۆریان خۆیانی لێ بدزنەوە و ڕابکەن. سەرەرای ئەمەش، جگە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیان و خێزانەکانیان، دەکرێت بەردەوامی دادگاییە نێودەوڵەتییەکان خزمەتێکی بەردەوامی بەرەنگاربوونەوەی ئەو زنجیرەی جینۆسایدانە بێت و سیستەمی دادوەریی تاوانی نێودەوڵەتی بەهێزتربکات. مەشخەڵەکانی مرۆڤایەتی دەدرەوشێنەوە، دەبێت بەهیوابین ئەو تاریکییە بەتەواوی بنبڕ دەکەن.

هەروەک مایکڵ ئیگناتیێف دەڵێ: "جینۆساید تەنها بریتی نیە لە شێتییەکی دڕندانە، بەڵکو لە ناخیدا بریتییە لە سیاسەت کە بەڵێنی یوتۆپیا دەدات لەودیو سیاسەتەوە: 'یەک نەژاد، یەک خاک، یەک ڕاستی'، ئەمەش واتە کۆتایی جیاوازییەکان. لەبەرئەوەی جینۆساید فۆرمێکی یوتۆپیای سیاسییە، وەکو خولیایەکی تاهەتایی دەمێنێتەوە لە هەر کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەیی و فرەکولتوری لە کاتی ئاڵۆزییەکاندا."